گۆڤاری زانكۆی سلێمانی ژماره (٩) ساڵی ٢٠٠٢ بەشی B لاپەره (٨٣ – ٩٤ )

# نەرگسیەت یان خود لە شیعری لەتیف هەڵمەت دا

م. علي طاهر حسين
بەشی كوردی / كۆلێجی پەروەردە/ زانكۆی سلێمانی

## پێشەكی

لەم لێكۆلینەوەیەدا دەمانەوێت تیشك بخەینە سەر چەند لایەنێكی دەروونی شیعری كوردیو بۆ ئەم باسەمان هەندێك لەشیعرەكانی ( لەتیف هەڵمەت ) مان كردووە بە نموونە. شیعری كوردی لە قوناغەكانی پێشكەوتنیدا، لە كۆمەڵ و كێشە جوراو جۆرەكانی و لایەنە گشتییەكانی دانەبڕاوە، ئەمەیش لە ڕوویەكەوە بۆتە هوی ئەوەی شاعیر ئەوەندە خەریكی خودی خۆی و ناخ و دەروونی نەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا دیاردەی دەروونی و ناخی شاعیران لە كون و قوژینی دەقی هەندێك لە شاعیراندا دەكەونە پێش چاو، ( لەتیف هەڵمەت ) یش یەكێكە لەو شاعیرانە. لە پێشدا باسی نەرگسیەت وەك زاراوەیەكی دەروونی دەكەین، بەلاّم مەرج نییە كتومت وەك زاراوەیەكی دەروونی لە بواری ئەدەبدا بەكاری بهێنین، ئێمە زیاتر جەختدەكەینە سەر زاڵكردنی خود لە شیعری لەتیف هەڵمەت دا، خودیش بۆ خوی لە ژێر سێبەری نەرگسیەتدا نەشونما دەكات.

## نەرگسیەت و شوناس كردنی لە ڕوانگەی دەروونناسیەوە

ئەمرۆ زوربەی لێكۆلینەوە دەروونییەكان جەخت لە سەر ئەوە دەكەن كە كەسێتی داهێنەر لە بواری ئەدەب و ڕۆشنبیری و بگرە بوارەكانی تریشدا كەسێتی تایبەتییەو خەسلەتی دەروونی هەن لە كەسانی تری جیادەكەنەوە. هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەكەن كەچەندین دۆخی دەروونی نارێك هەن دەبنە هۆی دروستبوون و پەیدابوونی داهێنانی جۆراو جۆر لای ئەدیب و هونەرمەند، دیارە ئەدەبی سوریالی و نموونە چاكەكانی، ئەوەمانبۆ دەردەخەن كەبەچ شێوەیەك ورینە و ئالیەت و كەمكردنەوەی ڕۆڵی هۆش و سەرخستنی ڕۆڵی بێئاگایی ( اللاوعی ) ، چ ڕۆڵێكیان لە بەرزكردنەوەی ڕێژەی شیعریەت و ئەدەبیەتدا هەیە. پێشكەوتن و پەرەسەندنی دەروونناسی و لاكردنەوەی رەخنەگران لە بەكارهێنانی چەمك و زارەوە دەرونییەكان بە شێوەیەكی زیاتر كاریگەری دەروونناسی بەسەر ئەدەبدا ڕووندەكاتەوە. هەر لێرەوەیە كەلە پاڵ رەخنەی سوسۆلۆژی و زمانەوانی مێژوییدا رەخنەیەكی تر پەیدابووە بۆ لێكۆلینەوە لە سەر ئەدەب ئەویش رەخنەی دەروونناسییە، واتا دەروازەیەكی تر زیاد بوو بۆ لێكۆلینەوەو شیكردنەوەی ئەدەب. رەخنەگران سوودیان لە بۆچوونەكانی (فرۆید )و ( یۆنگ ) و ( ئەدلەر ) و . . . هتد بینی بۆ شیكردنەوەی دەقە ئەدەبییەكان، فرۆید بۆ خۆی چەندین لێكۆلینەوەی لە سەر ژیانی هونەرمەندان و نووسەران كردووە، ئەوانی كردووە بە ئەزمونی هەندێك لە كارەكانی تاقیگەكەی ، دیارە ئەم نزیكبونەوەیە لە ئەدەب، وایكردووە كە بۆ چوونی جوان و ڕێك وپێك دەرببرێت، بۆ نموونە (( فرۆید جەخت لە سەر ئەوە دەكات كە جیهانی شیعری جیهانێكی ناواقیعیە ئە نجامی یارییەكی تەكنیكی هونەرییە ))[١]. بێگومان شیكاریی دەروونی شتی زۆر لەسەر دەروون و هەڵسوكەوتی شاعیر ئەدات بەدەستەوە، بەڕادەیەك كە دەتوانیٚ هەڵسوكەوتی كەسی ناو ئەدەب و نووسەر بباتەوە بۆ سەر شتە بنەرەتییەكان، یاخود بۆ منداڵی (( شیكردنەوەی دەروونی هونەر دەتوانێ بوونی بنەرەتی كار دووبارە بكاتەوە ئەمەش لە ڕێگای دەستنووسەوە نابێت، بەڵكو لە ڕێگای بیوگرفیاوەیە ))[٢].

ئێمە لەم نوسینەماندا كەدەربارەی لەتیف هەڵمەتە ،سوود لە زاراوەیەكی دەروونناسی دەبینین، بەڵام بەیەكجارەكی نووسینەكەمان ناكەین بە بابەتێكی دەروونناسی كە ئەوە كاری دەروونناسێكە، بەڵكو هەر لەچوار چێوەی ئەدەب و رەخنەی ئەدەبیدا دەمێنێتەوە. بۆ ئەم نووسینە نەرگسیەت، یان خود لەشیعری لەتیف هەڵمەت دا سوود لە زاراوەی نەرگسیەت دەبینین، بۆیە پێشەكی بە پێویستی دەزانین، ئاورێك لەچەند سەرچاوەیەكیدەروونناسی بدەینەوەو بە كورتی پێناسەیەك وەربگرین.

یەكێك لەو زاراوە دەروونییانەی كە زۆر لە سروشتی شاعیرو داهێنەرانەوە نزیكە، زاراوەی نەرگسیەتە،(Narcisme)كە بە ڕوونی لای ئەوان ڕەنگدەداتەوە، بەتایبەتی ئەو شاعیرانەی كە زیاتر لە پێوست بە لای خودی خۆیاندا دایانشكاندووە، بگرە شاعیران زۆر بێت، یاكەم لە سێبەری نەرگسیەت ڕزگاریان نابێت ((هەموو شاعیرێك نەرگسییە، لەزەت لە خۆشویستنیخودی خۆی دەبینیّ))[٣]، بەڵام ئەم خود پەرستییە، ڕێژەی لە شاعیرێكەوە بۆ شاعیرێكی تر دەگۆرێ. نەرگسیەت (لای یۆنانیەكان ناوێكە لە ووشەی نەرگسەوە وەرگیراوە. ناوی گەنجێكی ئەفسانەیی جوانە ، دڵی ئەچێتە وێنەكەی خۆی كەلەسەر ئاوەكە دەدرەوشێتەوە، عەشقی دەبێت و دەیەوێت باوەشی پیابكات، بەڵام دەخنكێ، خواوەندیش دەیكات بەو گوڵەی كە بەم ناوە ناسراوە)[٤]. لەم چەند ڕستەیەدا نووسەر باس لەچوئێتی هاتنی ناوەكە دەكات هەروەها دێتە سەر بەكارهێنانی ئەمڕۆی زاراوەكە لە بواری دەروونناسیو ئەدەب دا و دەڵێت: بەڵام ئەمرۆ نەرگسیەت بەكاردەهێنریّ بۆ ئەو لادانە سیكسییەی كەوا لە مرۆڤ دەكات لە عەشقی خودی خۆیدا بخنكێ زاناكان وادەبینن كە نێركسیەتی سروشتی دوو قوناغی هەیە: یەكەمیان ، قوناغی منداڵییە كە خودی خۆی دەكات بەبابەتی لبیدو، دووەمیشیان قوناغی هەرزەكارە كە تیشكی لبیدو لە بابەتی دەرەوە وەرئەگرێ، تا لە خودی خۆیدا بیچەسپێنێ، ئەگەر مەیلی ئەو كەسە بە لای عەشقی خۆیدا زیادو توندو تیژ بوو دەبێت بە (Nevrose Ncercissitue) واتا عوسابی نێرگسی.

ئەم جۆرە عوسابە بەهۆی وەستانی پەرەسەندنی ویژدانی قوناغی یەكەم لە دایكدەبێت ، یا بە هۆی زیادبوونی دۆخی نێرگسیەتی دووەمەوە، لە وێدا تیشكی لبیدو لە خودا كۆدەبێتەوە ، ئتر مرۆڤ لە وێدا شتێكی لادەبێت لێی دەروانیّ و ئارەزووی دەكات، ئەویشنەفسی خۆیەتی.زۆربەیزانایانی دەروونناسی لە سەر ئەرك و ئەم شێوەیەی نێرگسیەت كۆكن و لێكچوونی تەواو لە نێوان نێرسیس،یا نەرگسی گەنج و شێوەی گوڵی نێرگسدا دەبینن، ئەویان بە خۆیدا دەچێتەوەو عەشقی خۆی دەبێت و گوڵی نەرگسیش كە چووە بە خویدا شێوەكەی لە دۆخی خەریكبوونی رادەبەدەری نەرسیسی گەنج دەكات بە خودی خۆی، ئەم لێكچوونە ڕەوانبێژییە كزبووەو بووە بە دیاردەیەك لە شارستانێتی سەدەی بیستەم.[٥]

ئەمرۆ ڕای جیاواز لەو بۆ چوونانەی سەرەوەیشدا هەن، بۆ نموونە، دەگوترێ:((نەرگسیەت پێچەوانەی چەمكی حەز لە خودو زاتی خۆكردنە))[٦]، یان ((هەندێك لەڕەخنەگرە نوێكان دیاردەی هەڵوەشاندنەوەی ژیانی نوێمان بۆ نەرگسیەت دەگێرنەوە))[٧]. واتا نەرگسیەت بە تایبە تمەندی لە قەڵەم دەدەن، بەڕادەیەك كەبەتاڵی دەكەنەوە لە ناوەرۆكە سایكۆلۆژییەكەی، واتا لە سەرەتادا ئەو لێكچوونە ڕەوانبێژییە بۆ مەبەستی دەوڵەمەندكردنی زاراوەكانی دەروونناسیبوو، مۆرك و ئەركی دەرونناسی پێوە لكێنرا، كەچی ئەم لەم مۆركە دووری دەخاتەوە ولە چوارچێوەی تایبە تمەندییدا دەیپارێزێ.

(ئەریكفرۆم) بۆ چوونێكی جیاوازی هەیە، ئەویش لە قاڵبی مۆركە چارەسازییەكە (العلاج النفسی) دەریدەكات ومۆركی كۆمەلایەتی و دەروونی دەداتە پاڵ(( ئەریك فرۆم بەرانبەر چەندەها جۆری شێوەیلە خۆبایبوون و ستایشكردنی زاتی خۆت و ڕەزابوون بەخود و سەرسورمان و شەیدایی و مەیلی بەلای خوددا دایدەنێ))[٨].

مرۆڤی نەرگسی هاوچەرخ جیایە، وەك لاش دەڵێ:((تاك سیمای نەرگسی خۆی دەخاتە ڕوو وەك پێویستییەكی داكۆكیكردن دژی دوژمنایەتی، نەك وەك پێویستییەك كە تەنها خۆشەویستی و شەیدایی خود بیسە پێنێ))[٩]، ئەمانەش نەرگسیەت لەوە دەرئەكەن كە تەنها دیاردەیەكی چارەسەركردن بێت، بەڵكو سنووری لەوە فراوانترە بەتایبەتی لەم سەردەمەدا كە ئیستیهلاك ڕۆلی خۆی دەبینیّ، جالێرەوە دەبێت وردبینەوە لە نێوان دوو ئارەزوودا، ئارەزوویەك بەرەو خودونەرگسیەتی چارەسەرسازی، مرۆڤ هەر لە كۆنەوە مەیلی خودی و تایبەتی خۆی وەك تاك هەبووە.

نەرگسیەتی نوێ لە چەند شتێكەوە پەیدا دەبێت، وەك ترس لە بێتوانایی و بەركارتێكردن وترس لە مردن.(( بەڵام نەرگسی هەست بە بێئارامی و تاوان دەكات دوور لەوەی گرفتی خۆی بگەیەنێتە كەسی تر، بەڵكو بەدوای مانایەكدا دەگەڕێ بۆ ژیان ))(١٠)

كەسی نەرگسی ستایشی هاوكاریكردن و رۆحیەتی كۆمەڵی دەكات، بەڵام لەناخەوە شتی شاراوەی دوور لە فاكتەری كۆمەڵایەتیش هەڵدەگرێ، رۆحی نەرگسیەتی نوێ، ئامادەبوونێكی زۆری لە "نێوەندی ئەدەبی و هونەریدا هەیە، بەتایبەتی لە ئەدەبی سوریالی و ئەدەبی دیانپێنان (الاعتراف) و سەرگوزشتەی نووسەران، یا لە یادداشتدا. ئەدەب بەشێوەیەكی گشتی، بگرە هونەریش بوارێكی ئێجگار بەرفراوانە بۆرەنگدانەوەی دیاردە دەروونییەكان، هەر بۆیە رەخنەگران ئاوریان لەم لایەنە داوەتەوەو بە دروازەیەكی دەرونییان داناوە، بۆ چوونە ناو ئەدەبەوە بە مەبەستی دۆزینەوەی شتە نادیارەكانی ناو دەق و لكاندەوەیان بە دەروون و شاراوەكانی ژیانی شاعیر بەتایبەتی ئەو ئەدەبەی كە لایەنە كۆمەڵایەتییە گشتیەكان دوور دەكەوێتەوەو جەخت لە سەر دەربڕینی ناوەوەی دەق دەكات، بابڵێین ئەو ئەدەبەی كە بایەخی سەرەكی بە لایەنی دەروونی نووسەرو كەسەكان دەدات، بۆنموونە، رۆماننووسێك دێت رۆمانێك دەنووسێو باسی شتێكی كۆمەڵایەتی دەكات ، تیشك ناخاتە سەر دەروونی پاڵەوانەكانی، بەڵكو مەبەستی سەرەكی ئەوەیەكە دیاردەیەكی كۆمەڵایەتی گشتی بخاتە روو، لێرەدا رەخنەگرناتوانێت لە دەروازەیەكی دەروونییەوە بچێتە ناو دەقەكەوە، چونكە رۆماننووسەكە، زاتی شاراوەی پاڵەوان و كەسەكانی ناو چیرۆكەكانی نەكێشاوە، كەچی رۆماننووسی وا هەیە، مەبەستی سەرەكی ئەوەیە، كەسەرنجی خوێنەر بەلای مەودا دەروونییەكانی ناوەوەی پاڵەوان و كەسەكاندا ڕابكێشێ، ئەم شێوەیە زەمینەیەكی باشتر و لە بارتره بۆ رەخنەگر كە جەخت لە سەر بواره دەروونییەكە بكات و شتە شاراوە جوانەكان بدۆزێتەوەو بیانخاتە روو، رەخنەگر، یا لێكۆڵەری زیرەك، لە ناو شتە كۆمەڵایەتییە گشتییەكەدا هەر دەتوانێ تاڕادەیەك شتی شاراوە بهێنێتە دەرێ.

## نەرگسیەتی لەتیف هەڵمەت و رەنگدانەوەی چەمكی خود

ئەدەبی كوردی ئەدەبێكە بوارە كۆمەڵایەتی و مێژوویی و گشتییەكانی نەخستۆتە پەراوێزەوە، بەڵكو ئەمانە لە سەروی لیستی بایەخی ئەدیبی كوردیدا بوون، ستەم و داگیركردنی بەردەوام. فاكتەرێك بووە، وای كردووە كە ئەدەبی كوردی بە كێشەی كۆمەڵایەتی و مێژوویی باربكرێت، ئەمەش بواری وای نەرەخساندووە، تا شاعیر، یائەدیب بایەخی تەواو پێویست بە دەروون بدات و تیشك بخاتە سەر خود، ئەمەش بۆ خۆی، تاڕادەیەك دەروازەی دەروونی بۆ رەخنە بەداخراوەی دەهێڵێتەوەو وەك پێویست رێگا نادات رەخنەگر بە مەبەستی ئەنجامدانی خوێندنەوەی دەروونی لە دەق نزیكبێتەوە، بە شێوەیەكی دیار سەردەمی نوێگەریی ئەدەبی كوردی بە هۆی باروودۆخی نالەبارو سەپێنراوەوە زۆر لكاوە بەكێشە كۆمەڵایەتی و شۆڕشگێڕەكانمانەوە، دیارە شۆڕش، كێشەی ئافرەت، كێشەی چەوساندنەوەی چینایەتی‌و، نەتەوەیی شتی گشتین و، پەیوەندییان بە هەموو ئەندام و، چینەكانی كۆمەڵەوە هەیە، ئەم بابەتانە رووبەرێكی زۆری ئەدەبی كوردییان داگیركردووە، لەبەر ئەوەی گشتین، مەودا زاتییەكانیان تێدا ونده‌بێت، بەدەربڕینێكی تر خودی نووسەرو كەسەكان نایەنە سەر دەق و، ناخرێنە روو، بۆیە مەودای دەروونی شتێكی ئەوتۆ بۆ خوێنەرو رەخنەگر دروستناكەن، لە پاڵ ئەمانەشدا ئەگەر بەوردی سەیری هەندێك دەق بكەین، باكێشە كۆمەڵایەتی و گشتیەكانیش زاڵ بن، بەڵام تروسكاییەكی دەروونی لە كون و قوژبنیاندا دەبینرێ، تا رەخنەگر، یا لێكۆڵەر بیكات بە خاڵی دەربڕین بۆ بنیاتنانی خوێندنەوەی دەروونی.

لەتیف هەڵمەت مەبەستی باسەكەی ئێمەیە، دیارە هەڵمەت هەر لەو شاعیرە نوێخوازانەیە كە بایەخێكی زۆریان بە كێشەی كۆمەڵ و گەل داوە، لە هیچ سەردەمێكدا لە كۆمەڵ و گرفتەكانی جیا نەبۆتەوە، بەڵام لە شیعری هەڵمەت دا لە هەندێك دەقدا شتە خودییەكان لەگەڵ بوارە كۆمەڵایەتییەكاندا ئاوێزانی یەكتر دەبن، ئەگەرچی مەودا گشتییەكە زۆر قورسترەو رووبەرەكە داگیر دەكات، بەڵام هەندێجار بە شێوەیەكی كەم هەندێك دیاردەی دەروونی رەنگدەدەنەوە كە پەیوەندییان بە ناخی شاعیرەوە

هەیە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنیٚ کە ئەم دیاردە دەروونییە کەمانە هەر لای هەڵمەت هەن، بەڵکو لای چەند شاعیرێکی تری هاونەوەی خۆی بەرادەیەکی کەمتر هەن. تەنانەت لەنەوەی پێش ئەمیش لای شاعیرانی نوێگەریی یەکەم و دوای نوێگەریی یەکەم ( گۆران تاشەستەکان )ئەم جیاوازییە دەبینریٚ، بۆنموونە خود ئەوەندە لە شیعری گۆران دا ڕەنگ ناداتەوە، دیاردەی دەروونی وا لای (( بێکەس ))، یان (قانیع) بەدی ناکریٚ. ئەمانە لە شیعرەکانیاندا زۆر ئاوێتەی کێشە گشتییە کۆمەڵایەتییەکان بوون وەك، ڕزگاری، هەڵسانەوە، کێشەی چینایەتی، گرفتی ئافرەت ونەیانپەرژاوەتە سەر نزیکبوونەوە لە لایەنە زاتییەکان، بە پێچەوانەوە لای شاعیرێکی وەك،(ئەحمەد هەردی) شتە دەروونی و زاتییەکان لە ئەدەبەکەیدا کاری تەواوی لە بونیادی دەقەکانی کردووە، بەدەربرینێکی تر خود(زات) ڕۆڵی دیاری لە پێکهێنانی سەرچاوەی شیعرەکانیدا بینیووە، ڕەنگە لە پاڵ پێکهاتەی دەروونی و بارودۆخی ئەو وەختەی ئەم شاعیرە جۆری خوێندنەوەشی ڕۆڵی لە بایەخدان بەلایەنی دەروونی بینیبێت، (ئەحمەد هەردی) لە گەرانەوەیدا بۆ کوردستان لە بەرنامەیەکدا، یادگارییەکانی خۆی گێرایەوەو لە چاوپێکەوتنیکدا باسی ئەوەی کرد کە کتێبەکانی ( جبران خلیل جبران ) و ( میخائیل نعیمە ) و هاو نەوەکانیانی دەخوێندەوە، ئەمانە زاتی خۆیان فەرامۆشنەکردووە لە ئەدەبدا، ڕەنگە ئەم خوێندنەوەیەسوودێکی باشی بۆ ئەحمەد هەردی هەبووبێت[11].

وەك گوتم هەڵمەت یەکێکە لە دەنگە دیارەکانی شیعری سالانی حەفتاو جیٚ دەستی بە نوێکردنەوەی ئەو کاتەوە دیارە، شیعری سالانی حەفتایش لە نوێکردنەوەدا مۆرکی بابەتە گشتی و کۆمەڵایەتییەکانی پێوە دیارە، بەڵام بە شێوازێکی هونەری تازەتر، هەڵمەت هەر لە دیوانی ( خواوشارە بچکولەکەمانە ) وە ، تانووسینەکانی ئێستای ئەو بابەتە گشتییانەی خستۆتە سەر پلە بەرزەکانی بایەخی خۆی ، لەگەڵ ئەمەیشدا سێبەری زات لە زۆر جێگای شیعرەکانیدا دەبینریٚ، دەتوانین لە کون و قوژبنی دەقەکاندا چاو بە دیاردەی دەروونی شاعیردا بگێرین، ئێمە ئەوە ئاشکرا دەکەین، کە نەرگسیەت بە تەواوی وەك زاراوە دەروونناسییەکە نابینرێت، بەڵکو سێبەری نەرگسیەت هەست پێدەکریٚ، بەتایبەتی پێشتریش ئاماژەمان بەوەدا کە ئێمە لە کارکرد نماندا زانستی دەروونناسی بەسەر دەقدا زاڵناکەین و ئەدەب بایەخی سەرەکی ئێمەیە، بۆیە لە نموونە هەڵبژاردندا لایەنی زاتی و تایبە تمەندی ( من ) دەخەینە ڕوو کە ئاماژەی ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆن بۆ کارتێکردنی نەرگسییەت، سێبەری چەند دیاردەیەکی تریش لە شیعرەکانی ئەم شاعیرەدا دێتە پێش چاو، بۆ ئەوەی خۆمان هەر لە چوار چێوە ئەدەبی و ڕەخنەییەکەدا بهێلینەوە ناکەوینە بەراوردکاریی کوتومتی ئەو دیاردە دەروونییانەی شیعرەکانی لەتیف لەگەڵ چۆنایەتی زاراوە دەروونییەکاندا، بەڵکو سوود لە سێبەر و کاریگەرییان دەبینین.

زات لای لەتیف هەڵەت بە شێوەیەکی ئێجگاری ونەبووە، لە هەموو دیوانەکانیدا دەبینریٚ ، لەگەڵ بابەتی گشتی و کۆمەڵایەتییەکاندا کەم کەم دێت، ئەمەش بۆتە هۆی دەرکەوتنی چەند لایەنێکی دەروونی لەشیعرەکانی لەتیف دا، بەڵام ڕێژەیان لەدیوانێکەوە بۆ دیوانێکی تر دەگۆریٚ، بۆنموونە لە دیوانی یەکەمدا کێشەی یاخیبوونی فیکری و کۆمەڵایەتی بەسەر بایەخی شاعیردا زاڵدەبن... وخەمی دەروونی و زاتییان تیا کەمدەبێتەوە، لە دیوانەکانی تریشدا فاکتەری دەروونی بەزەقی دێتە پێش چاو.[12] بۆیە دەبینین خود لە چەند شیعرێکدا گەورە دەبێتەوەو لە هەندیٚ شوێنیشدا وندەبێت، یا بچووکدەبێتەوە، هەر ئەمەیشە وایکردوە ڕاناوی قسەکەر( من ) بە شێوەیەکی زۆر لای هەڵمەت بەکاربهێنریٚ، تەنانەت ئەو کاتانەیش کە باسی کێشە کۆمەڵییە گشتییەکان دەکات، بەڵام زمانەکەی جیاواز دەکەوێتەوە(( کاتێك کەباسی زاتی خۆی دەکات بەزمانێکی پڕ لە کۆست و نەغمە یەکیٚ دڵتەزێن دێتە قسان، بەڵام کەخەریکی باسکردنی جیهانی گشتی دەبێت بە کێشەمرۆییە چارەنووسازو جیهانی سروشت ولات وو ئایندەوە شێوەی قسەکردنەکەی دەگۆریٚ و مۆرکێکی شۆرشگێرانە وەرئەگریٚ ))[13].

لەکاتێکدا کە باسی خۆی دەکات بەزمانێکی جیاوازەوە دەبینریٚ، بەڵام کەباسی جیهانی گشتی بکات نیبرەی زمانی دەگۆریٚ، بەکارهێنانی ڕاناوی قسەکەر بەزۆری بەڵگەیە بۆ گەورە کردنەوەی زات لای هەڵمەت، یا بەخشینی دەسەلاتێکی گەورە پێی، بۆ ئەوەی ئاگامان لە چونێتی دووبارە بوونەوەی ڕاناوی قسەکەر بێت لە شیعری لەتیف دا، چەند نموونەیەك دەخەینە ڕوو؛ لەشیعرێکدا بە ناونیشانی ( ڕەنگی باران ) وە دەڵێت؛

پەیمانم داوە پەیمانم داوە
تاکو پرشنگی هەتاوی بەهار
وەك شانە نەدەم لەو قژەخاوە
نایەمەدواوە
نایەمەدواوە[١٤]

یان لە شوێنێکی تردا لە شیعری( ناونیشان )دا دەڵێت؛

زامی دڵم چەپك نەکەم
وەکو یادگار
باوەش نەدەم
لە تێکۆشان
لەکۆڵنەدان
لەئازار[١٥]

یان دەڵێت؛

کە چاوم کردەوە ئەو خەونەی کە بە شالقی
داری خەومەوە پێ ئەکەنێ
لە سەر فرمێسکی پەنجەرەکەما سەربرابوو[١٦]

هەروەها لەتیف لە شیعرێکی تردا بە ناونیشانی( ئەم کولەکانە ئەشکێنم ) ڕووی دەمیمان تێدەکات و دەڵێت:-

ئەم کولەکانە ئەشکێنم
ئەمە باوەری منە
ئاگرەکەم ناتوێتەوە
تەمەنی من بڵێسەیەکی بێخۆڵەمێشە
پەرستگاکان ئەروخێنم
وشەکانم ئامێتەی ڕەگی زەوی ئەکەم
شینایی ئاسمان
وەکو چڵی یادگار
لەسەر دڵما ئەشکێنم
ئەمە باوەری منە[١٧]

دیسانەوە شاعیر لە شیعرێکی تردا بە ناونیشانی ( پەیکەرێك بۆ خۆم ئەتاشم ) دەڵێت:

من بۆیە ئەم پیرەژنە ئەکوژم کەلە ناو گەلای
بەفرە کۆنەکاندا هەڵتوتاوە
چونکە ئەو سێبەرە
کروشکەی کردووە لە مناڵدانیا[١٨]

هەروەها دەڵێت:

من ناتوانم ... بەزمانی ئێوە بدوێم
ناتان ناسم.. ناتان ناسم

ئەی ئێوە ئەزانن من كێم؟

میوانێكم پەنجەكانم ڕەشەبایە

فەرهەنگێكم . . . ووشەكانم..

ووشەی پێش لە دایك بوونی یاسایە[١٩].

لەتیف هەڵمەت لە خێزانێكی ئایینیدا پەروەردە بووە، دایكی زوو دەمرێ، لەژێر دەسەڵاتێكدا ساڵانی منداڵیتی و گەنجی خۆی دەگوزەرێنێ(( من لە بارودۆخێكی ئایینی عەرەبی وەتەنەنی موتەزەمیدو توندوتیژدا گەورەبووم سەیر كردن كچێكی جوان حەرام بوو ))[٢٠]

لەو دەوروبەرەدا كە بۆ ئەم گران بووە وردەوردە هۆشیكردۆتەوەو یاخی بووە ئەو توندوتیژییەی كەلەمنداڵیدا دەوری دابوو هەر لە دەسەڵاتدارانی خێزانەكەیەوە، تا ئەندامانی كۆمەڵ لە منداڵی و گەنجیدا تووشی داخراویی كردووە، دەشێ ئەو شەرمەی كەلە چەندشیعرێكیدا باسی دەكات بگەڕێتەوە بۆ ئەو توندو تیژییەی كەلە منداڵیدا قورسایی خستبووە سەر ژیانی.

لە منداڵیدا هەر دایكی دەربەستی هاتووە، بەڵام ئەویش لە سووتاندا لە دەست دەچێ ئەو ونبوونە كاردانەوەی دەروونی دەبێت و لەگەڵیدا گەورە دەبێت و لە گەورەییشدا لەسەر ئاستێكی كۆمەڵایەتی ومرۆڤایەتی گەورەتر تووشی ئازار دەبێت، یەكسەر بیر لەوە دەكاتەوە، یان لە بێئاگای( اللاوعی )خۆیدا دایكی دێتەوە یاد كەتاكە غەمخۆری بووە، تاڵە گەورەیشدا بەشێوەیەكی ئاراستەوخۆ ببێت بەفریاد ڕەس ئەوەتا دەڵێت؛

ئەی ئەبێ دایكم چی بڵێ، ئەگەر بزانێ

خۆشەویستەكەم كەوڵم دەكاتو

لە چاڵە خوێی زستانی

ئەم سەدە ئەفرەت لێكراوەدا

بە جێمدێڵێ. . . .![٢١]

زاتویستن، یاخود ویستن، یاخۆشەویستی خود خەسڵەتێكی سەرەكییە لای ئەرگسی بەرادەیەك ئەو خودە زۆر گەورە دەكرێتەوە، ئەمە لای لەتیف ڕەنگدەداتەوەو دەڵێت:

خۆ من هەرگیز لەمردن ناترسم

بەڵام ئاخ ئەی خەمە سەختەكەی ژیانی چۆڵ و هۆڵم..

كە من مردم. . . .

كەمن لە عەزرەتی مانگەشەوی چاوی كچێكدا

سوێم بوەوەو ئاو دەمم ژەنگ دایگرت. . .

ئیتر ئەو ساكێ وەكو من

گۆرانی بۆ دار بەڕوو دەڵێت و

كێ وەكو من چۆلەكەكانی كوێستانی

خۆش دەوێت و

كێوەكو من بە زەنگۆڵەی خوێنی خۆی

هۆنراوە بۆ خۆشەویستی دەنوسێت. . . . .؟[٢٢]

لەم شیعرەدا زۆربە ئاشكرا خۆشەویستی لە رادەبەدەری لەتیف هەڵمەت بۆ زاتیخۆی دەرئەكەوێ،ئەگەر زاتی خۆی هەبێت، ئەوە شیعر بۆ دار بەروو بەردەوام دەبێت، خۆشەویستی بۆ چۆلەكە دەمێنێت، ئەگەر ئەم نەبێت، كەسێك نییە، ئەم جۆرە سۆزەیان بۆ دەربڕێ، حەز دەكەین خوێنەر بەوردی لە مەغزاو دەلالەتی ئەمڕستەیە بكۆڵێتەوە ( ئیتر ئەوسا كێ وەكو من )

بەتایبەتی لە نیشانەی پرسیار ( کێ ) و ڕاناوی( من ) کە ئەوە دەربئەخەن جۆرێك لە شێوازی باشتر و باشترین( المفاضلة ) ) بەکارهێنراوە، واتا باش،باشتر، باشترین، خودی لەتیف خۆی باشترینیانە لە هاوکێشە و پلەکاندا. هەر لەم نموونە شیعرییەدا ڕوویەکی تری نەرگسیمان لە ئەنجامی شێوازی پرسیارکردنەوە بۆ دەربئەکەوی مرۆڤی نەرگسی حەز لە کێبرکێ( منافسە ) ناکات خودی خۆی خۆشئەوێ هەست بە خەمۆکی و بێئارامی دەکات، بەلاّم نایەوێ ئەمە ئاراستەی کەساتی تر بکات، دیارە هەر لەبەر ئەوەشە کە ڕۆحی کێبرکێ کردن نییە، تەنها کێبرکێ لەسەر ئەوە دەکات کەکەسێکی پەسەند کراوبێت و رازیبوونی خەڵك بۆ خۆیوەرگرێ لەسەر زەمینەی واقیع حەز لە کێبرکێ ناکات چونکە ئەو پەیوەندیی بە بێئاگاییەوە هەیە.

دیارە لەم شیعرەدا لەتیف بە ئاشکراو بێ هیچ شێوازێکی زمانی ڕاستەوخۆ و لەسەر زەمینەی واقیع هیچ جۆرە کێبرکییەکی نەرجسیانە بۆ بە دەستهێنانی ڕەزامەندی خەڵك و کەسانی تردەرنابڕێت، بەلاّم ناراستەوخۆ لە بێئاگایی ( لاوعی ) لەتیف دا ئەوەمان بۆ دەرئەوکەوێ، واتا ئەو شێوازی پرسیارکردن ( کێ+وەك من ) ە بێئاگایی لەتیفمان بۆ ڕووندەکاتەوە، بەو شێوازە پرسیاراوییەوە کەمنی پێوە لکاوە، لەتیف دەیەوێ زاتی خۆی سەربخات و بیکات بە باشترین زات و هەوڵی ئەوە دەدات خۆی خۆشەویست بکات و سەرنجی خەڵکی بە لای خۆیدا رابکێشێ، ئەوەش شێواز و ویستی نەرگسییە کە دەیەوێ بە ئاشکرا کێبکرێ نەکات، بەلاّم لە بێئاگایدا ( لاوعی ) کێبرکیێ ی بۆ پەسەندکردنی زاتی خۆی لەلایەن کەسانی ترەوە دەرئەکەوێ، لە شیعری لەتیف دا جاری وا هەیە، ئەو خود ویستنە لەسەر ڕووبەرێکی کۆمەلاّیەتی ڕووندەبێتەوە، واتا دێت باسی شتێکی گشتی دەکات، بەلاّم لەو گشتییەدا زاتی خۆی گەورە دەکاتەوەوەو لە شیعرێکدا بە ناونیشانی ( هەورە ) وە دەڵێت:

ئەم دارانە
عەشقی منن دەیبخشمە ئەم وڵاتە
ئەو کێوە بەرزانەش منم
چی گوریسیزەوی هەیە
بیکەن بەیەك
هەرناگاتە گەردنم....!( ٢٣ )

یان لەشیعری ( ڕەگ و خاك ) دا هاتووە دەڵێت:

من دەتوانم
هەموو شینایی ئاسمان
دڵۆپ دڵۆپ بلێسمەوە بەزمانم
درێژترین هونراوەی پێ بنووسم بۆ:
نیشتمانم
من دەتوانم
ڕووناکی گشت خۆرەکان
بدزم و بیکەم بەقژێ درێژ بۆ:
دەزگیرانم
من دەتوانم
ووشەی هەموو فەرهەنگەکان
بدزم و بیشارمەوە
لەناو قوڵپی خوێنی گیانم
بەلاّم هەرگیز ناتوانم

ئالەم خاکە بەولاوە

هیچ خاکێکی تر بکەمە نیشتمانم(٢٤)

ئەم شیعرانەی لەتیف دوو روویان هەیە، روویەکی کۆمەلایەتی و شۆرشگێری گشتیو روویەکی شاراوەیی کە خود ویستن و گەورەکردنی (من)ە، لەتیف کۆمەلێك کرداری مەحاڵ دەکات بۆ ئەوەی گەورەیی منی خۆی بسەلمێنێ، واتا بەشێك لەمەبەستی ئەو کردارە مەحالانە ئەوەن زاتی هەلمەت گەورە بنوێنن، ئەگەر چی ئەنجامدانی ئەو کردارە مەحالانە لە پێناوی کێشەیەکی نیشتمانی گشتیدان، ئاشکرایە کە بابەتی خۆشەویستی خاك بابەتێکی گشتییە بەلام لەو کێشە گشتیەشدا جۆرێك لەتاکی خودی خۆی لە ناو کۆمەلدا دەبینێ( تفرد)، منی دەقەکەی لەتیف دەتوانێ هەموو شینایی ئاسمان بلێسێتەوەو رووناکی گشت خۆرەکان بدزێ بۆقژی دەزگیرانەکەی کە ئەمانە کرداری مەحالن لە واقیعدا، بەلام ئاسایین لە چوارچێوەی زمانداو شیعریەت بە دەق دەبەخشن.

هەندێ جاریش (من) کە دوور لە تێکلاوکردنی بابەتی کۆمەلایەتی و گشتی کاری خۆی ئەنجامدەدات و هەر بۆ خۆی لە پێناوی تێرکردن و مەزنکردنی زات دا دەبێت، ئەوەتا لەو شیعرەدا بەناونیشانی( دابەشکردن)وە دەلێت:

گەر بمەوێ ئەم زەویە

لەناو چنگما

پاك پاك دەکەم و وەك پرتەقاڵ

کووز کووز لووز لووز

بەشی دەکەم

لە خۆم ولە هەندێ منداڵ

گەربمەوێ ئەم زەویە

لەدەستمدا دەکەم بە تۆپ

ئاسمان! ئەو دەریا تووڕەیەی

هەزاران خۆری ئاگر

مەلە دەکەن لەناخیدا شلپ وشۆپ

دەکوژێنمەوە وەك گلۆپ

گەر بمەوێ هەرچی ئاوی گێتی هەیە

دەیکەم بەتەم دلۆپ دلۆپ(٢٥)

لەم شیعرەدا ئەو کێبرکییە ئەرگسییەی کە کەسی ئەرگسی لەسەر زەمیتەی واقیع دەرینابرێت ئەم لە رووبەری شیعرێکی وەك ئەم شیعرەدابە هۆی تۆمارکردنی ساتەکانی بێئاگایی (لاوعی) لە قالبی شیعرەدا پیشا نمانیدەدات، لەوێشدا جۆرێك کێبرکێ خەستبۆتەوە، بەلام ئەك لەسەر رووبەری واقیع، بەلکو لە بێئاگایی شاعیردا، دیسانەوە کۆمەلێك کرداری قورس و گران و موستەحیل دەبەخشێتە خودی خۆی، واتا زاتی خۆی کە خودێکی پێوەیە و نایەوێ کێبرکێ بکات بەو کردارە مەحالە قورسانە تێر دەکات. ئەگەر سەیری دەلالەتی(ئەگەر بمەوێ) کەسەرەتای شیعرەکەی دروستکردووە بکەین، دەرئەکەوێ‌کە (من) کە نایەوێ ئەو کارانە بکات، واتا حەز ناکات بکەوێتە پرۆسەی کێبرکێ کردنەوە، کتومت رستەی (ئەگەر بمەوێ) ئەوە دەگەیەنێ کە نامەوێ ئەمەش لەلایەکەوە نزیکە لە دەروونی کەسی ئەرگسی کە نایەوێت ئەوانەی کە خۆی دەیەوێ ئەگەر خراپیش بێت بگەیەنێتە کەسیتر، دیارە ئەو کردارە قورسانەی ناو دەقەکە ئەنجامدانیان چەشنێك لە کێبرکێ دروست دەکەن، بۆیە شاعیر هەر لەسەرەتای شیعرەکەوە واتا لەدیوی یەکەمەوە رستەی ((ئەگەر بمەوێ)) بەکاردێنێ بۆ ئەوەی لەلایەك کێبرکێ بخاتە لاوەو لەلایەکی تریشەوە زاتی خۆی پربکات لەتوانایی.

لە چەند شیعرێکی تری لەتیف هەڵمەت دا هەست بە وێنە کێشانی چەند دیاردەیەکی دەروونی تر دەکەین، وەك لە شیعری (هیچ دوور نیە)دا دەڵێت:

هیچ دوورنیە کەبتەوێ گوڵی بۆن کەی
بەدەم و چاوتا بتەقێ
هیچ دوورنیە بوو کە شووشەیەکی خرپن
بۆمناڵەکەت بکرِی
هەردوو دەستی لەرێ بن بە دە چەقۆ
بەناخی دڵتا بچەقێ
هیچ دوورنیە دەمی کچێ
کەوەکو پاساری تینوو
هەوری لەشت هەڵدەمژێ
زمانی بێ بەرەشمارێك بتکوژێ
هیچ دوورنیە کە خەرمانی پرچی ـ نازڵی ـ یش
تەڵ تەڵ هەمووی بێ بەتیرو
بسمێ سنگ وبسمێ دڵیش(٢٦)

لەم دەقەدا راستە هەست بە دیاردەی دەروونی من، یا کەسێك لە شیعرەکەدا ناکەین، بەلام بە تەواوی شیعرەکە وێنەی دیاردەیەکی دەروونی گشتی تێدا کێشراوە، کەنەك، تەنها کەسێك، بەڵکو دەروونی کۆمەڵگەی بە گشتی گرتۆتەوە، ئەویش دیاردەی بێئارامی و گومان و دڵە راوکێیە کە شەرو پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و سەرکوتکردن دەسەڵاتی گشتگەری (الکلانیە) هەڵیرشتوون، سەیر نییە بوو کە شووشە ببێت بە چەقۆ، خەرمانی پرچی خۆشەویستێك ببێت بە رەشمار، یاسێدارە، ئەم سەرسورمانە بە وردی ئەو دیاردە دەروونییانەمان بۆ دەکێشێ لە کۆتاییدا دەڵێین لای هەڵمەت راناوی قسەکەر (من) بەزۆری لەشیعرەکانیدا بەکاربراون، لە هەندێك رووەوە بە مەبەستی تێرکردنی زاتە، یا گەورەکردنێتی، هەر بۆیە شاعیر پەنا دەباتە بەر بەرجەستەکردنی چەند کردارێکی موستەحیل بۆئەوەی مەزنی زاتەکە گەورەبکات وریژەی مەزنییەکەی زیادبکات، دیوانەکانیشی پرن لە (من) و بەکارهێنانی راناوی قسەکەر. راستە شیعری کوردی گیرۆدەی کێشە کۆمەڵاتییەگشتییەکانمان بووە، بەلام ئەگەر بە چاوی رەخنەگرو لێکۆڵەر بکەوێتە پشکنین لە دێرو برگە و چەند دەقێکی شاعیرەکانماندا، دەتوانین دەستبخەینە سەرناستی دەروونی، ئەمەش دەروازەیەکە سوود بە رەخنەی ئەدەبی کوردی دەگەیەنێت.

## ئەنجام

پوختەی ئەنجامی لێکۆڵینەوە کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا گەڵاڵە بووە:

١-شیعری کوردی لە کۆمەڵەوە نزیکەو کێشەکانی رووبەرێکی زۆریان لێ داگیرکردووە.

٢-بەزۆری خود لە شیعری کوردیدا فەرامۆش کراوە، بەلام لە پاڵ بابەتە کۆمەلایەتیەکاندا هەندێ جار دیاردەی خود تێبینی دەکرێت.

٣-لەتیف هەڵمەت نموونەیەکی باشە بۆ ئەم بوارە

٤-بەکاربردنی راناوی قسەکەر رۆلێکی زۆر لە زاڵکردنی زات و دەوڵەمەندکردنیدا دەبینێ.

# پەراوێزەکان

(١)ثامر حسن، البحث في ابداع الشعر ص٣٦.

(٢)جان يف تاديبه، النقد في القرن العشرين ص٢٠٤.

(٣)هەمان سەرچاوەص٢٠٤.

(٤)د. جميل صليبا/ المعجم الفلسفي، ج٢/ص٤٦٢.

(٥)هەمان سەرچاوەص٤٦٢.

(٦)مجلة المعرفة/ عدد٣٢٩ :ص٦٧.

(٧)هەمان سەرچاوە/ ل٦٧.

(٨)هەمان سەرچاوە/ ل٦٧.

(٩)هەمان سەرچاوە/ ل٦٧.

(١٠)هەمان سەرچاوە/ ل٦٨.

(١١)یادگارییەکانی ئەحمەد هەردی (کوردسات) چاوپێکەوتن و سازدانی ئارام سعید، ڕۆژی ٢٠٠١/٧/٥.

(١٢)عبدالله طاهر البرزنجي/ السمكة الفضية، ص١١٠.

(١٣)هەمان سەرچاوە/ ل١١١.

(١٤)دیوانی لەتیف هەڵمەت بەرگی یەکەم، ل ١٦.

(١٥)هەمان سەرچاوە/ ل ٢٩.

(١٦)هەمان سەرچاوە/ ل ٣٥.

(١٧)هەمان سەرچاوە/ ل ٤٧.

(١٨)هەمان سەرچاوە/ ل٦٣.

(١٩)هەمان سەرچاوە/ ل ٨١.

(٢٠)ڕێبازی ئازادی، پاشکۆی ئەدەب و هونەر ساڵی٢٠٠١ ژمارە(٨) ،ل٤.

(٢١)دیوانی لەتیف هەڵمەت بەرگی یەکەم، ل ٤٨٧.

(٢٢)هەمان سەرچاوە/ ل ٤٢٨.

(٢٣)هەمان سەرچاوە/ ل٥٧٨.

(٢٤)هەمان سەرچاوە/ ل ٥٧٧.

(٢٥)هەمان سەرچاوە/ ل ٥٨٠.

(٢٦)هەمان سەرچاوە/ ل٧٦٢.

# سەرچاوەکان

## أ-كتێب- بەعەرەبی

١_ أريك فروم/ ازمة التحليل النفسى، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت،١٩٨٦.

٢_ اسعد رزوق/ موسوعة علم النفس، المؤسسة العربية للدراسات والنشر ،بيروت،١٩٨٦.

٣_ ادونيس/ زمن الشعر، الطبعه الثانية ،دارالعودة، بيروت١٩٧٨.

٤_ ثامر حسن/ البحث النفسى في أبداع الشعر، دار الشؤن الثقافية ، وزارة الثقافة الاعلام، بغداد ١٩٨٦.

٥_ جان يف تادييه/ النقد في القرن العشرين، ترجمة د. قاسم المقداد، منشورات وزارة الثقافة ،دمشق١٩٩٢.

٦__ جميل صليبا/ المعجم الفلسفى،دار الكتاب اللبنانيه ، الجزء الثانى،١٩٧٨.

٧__ سيجوند فرويد/ تفسير الاحلام، ترجمة مصطفى صفوان، القاهرة، سنة بلا .

٨__ سيجوند فروند/ الهنديان والاحلام في الفن، ترجمة جورج طرابيستى ،دار الطليعة_ بيروت _ الطبعة الاول ١٩٧٨.

٩__ سامي الدروبى/ علم النفس والأدب، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت ١٩٧٧.

١٠__ سعيد علوش/ معجم المصطلحات الأدبية المعاصرة، دار الكتاب اللبنانى، الطبعة الاول ١٩٨٥.

١١__ عزالدين إسماعيل (د) التفسير النفس للأدب، دار العودة، بيروت،١٩٦٣.

١٢__ عزالدين إسماعيل (د) الشعر العربى قضايا وظواهرة الفنيةوالمعنويه، دار العودة، دار الثقافة، بيروت، الطبعة الثانى ١٩٨١.

١٣__ عناد غنروان(د) مستقبل الشعر وقضايا نقدية ، دار الشؤن الثقافية العامه، بغداد، الطبعة الاول،١٩٩٤.

١٤__ قاسم حسين صالح/ الابداع في الفن ، دار الطليه للطباعة والنشر، بيروت،١٩٨١.

١٥__ لطيف هلمت/ السمكة الفضية قصائد مختاره، اختارها وترجمها ، عبدالله طاهر البرزنجى، مطبعه الحوادث،بغداد، ١٩٨٧.

١٦__ كمال أبو ديب/ جدلية الخفاء التجلى، دراسات بنبويه في الشعر، دار العلم للملاين، بيروت،١٩٧٩.

١٧__ مصطفى سويف/ الاسس النفسيه للابداع الفنى في الشعر، دار المعارف _ مصر القاهرة_ ١٩٦٩.

١٨__ مجدى وهبة/ معجم مصطلحات الأدب، مكتبه لبنان، بيروت، ١٩٧٤.

١٩__ نازك الملائكة / سايكولوجيه الشعر ومقالات اخرى، دار الشؤن الثقافيه العامه،بغداد، ١٩٦٥.

٢٠__ نازك الملائكة/ قضايا الشعر المعاصر، الطبعه الثانيه، مكتبه النهضة، بغداد، ١٩٦٥.

## بەكوردی

٢١__ لەتيف هەڵمەت (ديوان) بەرگی يەكەم، چاپی يەكەم، كوردستان، سليمانی، ساڵی١٩٩٦.

٢٢__ لەتيف هەڵمەت (ديوان) بەرگی دووەم، چاپی يەكەم، سليمانی ،٢٠٠٠ ز.

٢٣__ لەتيف هەڵمەت (ديوان) بەرگە سێيەم، چاپی يەكەم، سليمانی، ٢٠٠١ ز.

## بە فارسی

٢٤__ پروين شكيبا/ شعر فارسی از اغاز تا امروز، چاپ دوم، انتشارات هيرمند،١٣٧٢.

٢٥__ عبدالحسين زرين كوب(د) آشنايی با نقد أدبی، چاپ سوم، انتشارات سخن، تهران، ١٣٧٤.

٢٦__ سيماداد/ فرهنگ اصطلاحات ادبی، انتشارات مرواريد، تهران، چاپ سوم،١٣٧٨.

ب-گۆڤار:

٢٧- شاهر عبيد/ النرجسية في الثقافة المعاصرة، المعرفة، العدد ٣٢٩ مجلة ثقافية شعريه، سوريه، السنة التاسعه والعشرون، سنة ١٩٩١.

## کورتەی لێکۆڵینەوەکە

خۆشویستنی خودو نەرگسیەتی شاعیری کورد لەتیف هەڵمەت تەورەی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە پێك دەهێنێ. لە ئە نجامی تیشك خستنە سەر بەکارهێنانی زۆری ڕاناوی قسەکەری ( من ) لە دیوانەکانیدا ئەوە ڕووندەبێتەوە کە خود و ئەوەی لە خودەوە دەردەچێت گەورە دەکرێتەوە ئەم لێکۆڵینەوەیە پشت ئەستوورە بە چەند سەرچاوەیەك لەوانە دەروونی یان ئەوەی تەنها پەیوەندی بە ئەدەبەوە هەبووە. لە پێناو سوود گەیاندندا سەرەتا پێناسەی زاراوەی نەرگسیەت کراوە دواتریش ئاماژە بە هەندێ بۆ چوونی جیاواز لەم بارەیەوەکراوە. لەم باسەدا شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ نەرگسیەت جیاوازە لەوەی کە دەروونناسێك ئاماژەی پێدەکات لێرەدا زیاتر سوود لە سێبەرو شۆێنەواری نەرگسیەت لەسەر گەورە نیشاندانی خود لای لەتیف هەڵمەت کراوە ئەمەش لەو بڕوایەوە سەرچاوە دەگرێت کە کاری ئەم لێکۆڵینەوەیە بە پلەی یەکەم بابەتی ئەدەبیی ڕەخنەییە چونکە هەر چەندە شۆربینەوە بەناخی شیکاری دەروونیدا هێشتا هەر بایەخی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ دەقە ئەدەبییەکە.



## الخلاصة

حب الذات و نرجسية الشاعر الكردي لطيف هلمت تشكل المحور الآساسى لهذا البحث. يتضح لنا من خلال القاء الضوء على استخدام الضمير المتكلم ( أنا ) بكثرة في دواوينه تعظيماً عن الذات وتضخيماً عما يصدر عن هذه الذات اعتمدنا في البحث على عدة مصادر منها نفسية ومنها يتعلق بالآدب الصرف، ومن أجل اكمال الفائدة لجأنا الى تعريف مصطلح النرجسية وبيننا تباين بعض الآراء حولها علماً إننا لم نطبق الفرجسية على النصوص المنتقاه كما يطبقها علماء النفس بل أفدنامن ظلال وأثار النرجسية البارزة في تضخيم الذات لدى لطيف هلمت. إنطلاقاً من إيماننا بأن مهمتنا هي أديبة نقدية بالدرجه الاولى مهما توغلنا في التحليل النفسى ستظل الاولوية للنص الآدبى.



## Abstract

***The bioiogical side and narissism of the Kurdish poet latif Halmat is the main core of the thesis, which cleariy appears in his usage of the persoual pronoun "I" in this poetical works. The Research depends on various references, some of them are psychological books while others are concerned with pure literature. The study deals with the definition of the term narissism, then attention is given to the different point of views repesented about the term, Further more, we didn`t try to appiy narissism on the selected texts, as a psychic may do, instead we tried to shed some light on the effect of narissism on the poet since we believe the work is critical and literal in the first stage beside our study of the psychological side.***